# بەنی ئیسرائیل لەناوچوون کاتێک ئافرەتەکانیان ئەمەیان بەکارهێنا

لە حومەیدی کوڕی عبدالرحمانەوە دەڵێت: گوێی لە موعاویە بوو -ڕەزای خوای لێبێت- لەو ساڵەی حەجی تێدا ئەنجامدا، لەسەر مینبەر پەلکێک قژی پێ بوو (بەرزی کردەوە) کە لە نێو دەستی پاسەوانێکی بوو، ووتی: ئەی خەڵکی مەدینە کوا زاناکانتان؟ گوێم لە پێغەمبەر بووە -صلى الله عليه وسلم- کە نەهی کردووە لەمە، وفەرمووی: «بەنی ئیسرائیل لەناوچوون کاتێک ئافرەتەکانیان ئەمەیان بەکارهێنا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

موعاویە -ڕەزای خوای لێبێت- لەو ساڵەی حەجی تێدا ئەنجامدا، لەسەر مینبەر پەلکێک قژی پێ بوو (بەرزی کردەوە) کە تێکەڵ بوو بەسەر یەکدا، لە نێو دەستی پاسەوانێکی بوو بۆیە ئەویش هێنای و بە خەڵکی مەدینەی ووتی: ئەی خەڵکی مەدینە کوا زاناکانتان؟ ئەمیش بۆ نکۆڵی لێکردنیان بەهۆی ئەوەی ئەم ئینکاری لەم خراپەیە ناکەن وبێئاگان سەبارەت بە گۆڕینی حوکمەکان، پاشان -ڕەزای خوای لێبێت- پێیانی ووت کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرمووە خوای گەورە بەنی ئیسرائیلی لەناوبرد کاتێک ئافرەتەکانیان ئەم پەلکە دەستکردەیان بەکارهێنا یان قژی کەسێکی تریان بەست بە قژی خۆیانەوە، هەموویان لەناوچوون؛ چونکە ڕازی بوون لەسەر ئەم خراپەیە وزۆر کاری خراپەی تر.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee